

## کاکەمین نەجارِ بەرپرسی لقی شانزەی پارتی

# "حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی ئیئتیلافییە، رەنگە حکومەتی ئیئتیلافی سەرکەوتوو نەبێت و نەتوانێت بڕیاری پێویست بدات"

دیداری هەلگورد سەمەد و ئیبراهیم عەلی

**● لڤین لەم دیدارەدا (کاکەمین نەجارِ) بەرپرسی لقی شانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدوێنێت لەسەر بارودۆخی کوردستان دوای یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم‌و پەیوەندییەکانی حکومەت‌و حیزب، هەروەها دەربارەی بارودۆخی ناوخۆی پارتی‌و ململانێی حیزبیی لەناو پارتی‌و ناکۆکییەکانی ناو بنەماڵەی بارزانی دەدوێت و قسە لەسەر پەیوەندیی نێوان سەرۆکی حکومەت‌و مەکتەبی سیاسیی‌و سەرچاوەی دارایی پارتی دەکات. بەرپرسی لقی شانزەی پارتی، تێڕوانینی پارتی لەسەر ئەو بابەتانە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری لڤین دەخاتەڕوو.**

لڤین: پێتوانییە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانتان، پەیوەندیی بە گۆڕینی کەسەکانی یەکێتیی هەیە لە هەولێر، بەتایبەت دوای ئەوەی کاک سەعدی پیرە لە بەرپرسی مەڵبەند نەما کە زۆرجار لە رۆژنامەکان لێدوانی دژی ئێوە داوەو وتوویەتی " کاکەمین بە نەفەسی شەڕی ناوخۆ قسەدەکات" ئەم گۆڕانکارییە کاریگەریی نەبووە لەو پەیوەندییانەدا؟

کاکەمین نەجارِ: منیش قەناعەتم وایە کەسایەتی رۆڵ دەبینێ لەو پەیوەندییە، بۆ نموونە؛ بەرپرسێك لە ناوچەکەیە دەتوانێت هەوڵبدات

پەیوەندیی لەگەڵ حیزبەکانی دەورووبەری خۆشبکات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش تەوجیهاتی سەرکردایەتی هەیە، چونکە ئەگەر سەرکردایەتیی ئێمە تەوجیهی ئەوە بێت پەیوەندیی خۆشبکەین، ناچارین پەیوەندیی خۆشبکەین، یان ئەگەر هەندێکجار گرژیی(تشبح) دروستبکەین، بانگماندەکەن و پێماندەڵێن گرژیی دروستمەکەن، چونکە ئەوە تەوجیهی ئێمە نییەو لە بەرژەوەندیی ئێمە نییە، ئێمە ئەوکاتە لەگەڵ ئەوانیش باسی گرژییمان کرد، گرژییەکانیش مەحەلی بوو، نەك لە سەرەوە بێت، بەڵام راستە شەخسیش رۆڵ دەبینێت.

**لڤین: هەندێک لە چاودێران پێیانوایە ئەو حکومەتە یەکگرتووەی ئێستا، دوو حکومەتە لەناوەوە لە بەرگی یەک حکومەتدا، لە رووی دەرەوە دەوترێت کە پارتی کۆنترۆڵی کایە سەرەکییەکانی حکومەتی کردووە، پێتوانییە یەکێتیی پەراوێزخراوە لە حکومەت؟**

کاکەمین نەجار: هەندێك واقیع هەیە، ئێمە دە ساڵ دوو حکومەتی لێك جیاواز بووین، دە ساڵ بە جیاوازیی کارمانکردووە، ئەوان لە سلێمانی ئێمە لە ئێرە، ئەمە حەقیقەتێکە، دەبێت ئەو حەقیقەتەش بزانین کە شەڕی ناوخۆ بووەو شەڕیشمان لەگەڵ یەکتر کردووە، من دەتوانم بڵێم تێکەڵبوونەوەی ئەو دوو ئیدارەیە، سەرکەوتنێکی زۆرباشی بەدەستهێناوە، نەك هەر سەرکەوتنێکی زۆر زۆر چاکی بەدەستهێناوە، یەکێتیی لە حکومەت پەراوێز نەخراوە، یەکێتیی لە پەرلەمان لەسەر بنەمای هەڵبژاردن نوێنەری خۆی هەیە، لەناو حکومەتیش لەسەر بنەمای بەشی خۆیان لە وەزارەتەکان و لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکاندا بەشی خۆیان هەیە، خۆشتان دەزانن حکومەتی کوردستان حکومەتێکی ئیئتیلافە، نەك هەر یەکێتیی و پارتی، حیزبی تریشی تێدایە، هەرچەندە بێتە سەر سیستمی دیموکراسی وەکو دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، حکومەتی ئیئتیلاف رەنگە زۆر سەرکەوتوو نەبێت، نەتوانێت قەراراتی پێویست بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە حکومەتی کوردستان حکومەتێکی ئیئتیلافەو یەکێتیی بەشی خۆی بەتەواوەتی وەرگرتووەو حیزبەکانی تریش بەشدارییان تێدا کردووە، ئەوەی منیش دەیبینم کە لەگەڵیان دادەنیشین، هەرگیز گلەییەکیان نەبووە کە مایەی بەدواداچوون بێت.

**لڤین: بەڵام لە لێدوانەکانی ئەم دواییەیدا، پارێزگاری سلێمانی دەڵێت "سلێمانی بووەتە قەزا، ئێمە دەبێت بۆ ئیمزایەک بچینە هەولێر"؟**

کاکەمین نەجار: ئاخر مەوزوعەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان دە ساڵ لەوێ حکومەت بوونە، ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی بووە، ئێستا قەراراتی ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێرە، ئەگەر ئەو بیەوێت لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دابنیشێت، دەبێت سواری ئۆتومبێل بێت و لە هەولێر لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دانیشێت، چونکە ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی نەماوە، بەڵام دهۆکیش وایە، خۆ هەر سلێمانی وا نییە، لە عێراقیش بەغدا پایتەختەو پارێزگاکانی تر دەبێت ئیشوکاری پارێزگاکەیان سەردانی بەغدا بکەن، ئەمەش شتێکی ئاساییە.

**لڤین: زۆرجار باسی دەستتێوەردانی ناوچەو رێکخراوەکانی پارتی دەکرێت لە دەستتێوەردانی کاروبارە حیزبییەکان، ئایا ئۆرگانە حیزبییەکان بۆیان هەیە دەست لە کاروباری حکومەت وەربدەن؟**

کاکەمین نەجار: ئێمە لەگەڵ حکومەت رێککەوتنمان هەیە، پاشان کۆبوونەوەی دەورییمان هەیە، دادەنیشین لەگەڵ برادەرانی حکومیی و مەکتەبی سیاسییش بەشداردەبێت، ئەگەر تێبینیی و گلەییەکمان هەبێت لە ئالیەتی حکومەت، لەوێ باسیدەکەین، بەڵام ئێمە تێکەڵی ئیشوکاری قایمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکان و پارێزگار نابین کە نەهێڵین کاربکەن و کێشەیان بۆ دروستبکەین، ئەوەمان نەکردووەو ناشیکەین و لەگەڵ ئەوەشدا نین، دەتوانم بڵێم ئەو کادیرانەی لەناو حکومەتن، کادیری ئێمەن، قایمقام و پارێزگارەکان کادیری ئێمەن، ئەوانی تر کادیری یەکێتیین، هەندێکیان

## "بە کاک مەسعودمان وت کاک جەوهەر کادیرێکی باشە و حەزدەکەین بێتەوە، ئەو وتی دەبڕۆن بیهێننەوە، کێ کێشەی هەیە لەگەڵی ؟ بەڵام نازانم بۆ نەهاتەوە"

کادیری حیزبەکانی ترن، ئەگەر بڵێین بەقسەمان ناکەن، وانییە، لەگەڵیان دادەنیشین و بە قسەشمان دەکەن، بەڵام بە ئەو شێوازە نا کە دەست لە کاروبارەکانیان وەربدەین، ئێمە مافێکی ئاسایی خۆمانە قسە لەسەر حکومەت بکەین، چونکە حکومەت حکومەتی ئێمەیە، هیچ پارێزگارو قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەیەك نەیتوانیوە خۆی دەنگ بهێنێت و لە هەڵبژاردن بۆ خۆی وەکو بێلایەنێك دەسەڵاتی وەرگرتبێت، پارێزگار بێلایەن نییە، خەڵك دەنگی نەداوەتە پارێزگار، خەڵك دەنگی داوەتە لیستی پارتی، خەڵك دەنگی نەداوەتە بەڕێوەبەری ناحیەو بەڕێوەبەری شارەوانیی هەولێر یان شارەوانییەکانی تر، بەڵکو دەنگیان داوەتە لیستی پارتی، بۆیە مافی خۆمانە پێیبڵێین ئەوەت هەڵەو ئەمەت چاکەو ئەم کارەت وایە، بەڵام وەك دەستتێوەردان نا، داواو پێشنیارەکان و گلەییەکانمان بە مەکتەبی سیاسیی دەڵێین، مەکتەبی سیاسیی لە گەڵیان دادەنیشێت و لەگەڵیاندا باسیدەکات، تەنیا لە سنووری پێشنیارو داواکاری.

**لڤین: ئایا لەناو پارتیدا باڵ هەیە، وەک ئەو باڵانەی لەناو یەکێتییدا هەیەو باسی لێوە دەکرێت؟**

کاکەمین نەجار: پێکهاتەی یەکێتیی جیاوازە لەگەڵ پارتی، یەکێتیی لە کاتی دروستبوونی و لە کاتی شاخیش وەهابوو، کۆمەڵەی هەبوو، شۆڕشگێران هەبوون، خەتی مام جەلال هەبوون، وەکو کەسایەتیش دیاربوون، بەڵام لەناو پارتی ئەوە نییە، لەناو پارتی رای جیاواز

هەیە، بەڵام تەکەتول نییە، من لەوانەیە بۆچوونم لەگەڵ برادەرێکی مەکتەبی سیاسیی یاخود بەرپرسی لقێکی تر وەك یەك نەبێت، رەنگە لە کۆبوونەوەش من رای خۆم بڵێم، ئەویش رای خۆی بڵێت، بەڵام لەناو پارتی باڵ نییە، پارتی وەحدەیەکی فیکری بەهێزی لەناوە، هەموو قیادەو قەواعیدی پارتیش بە سەرکردایەتی خۆی رازییە.

**لڤین: باس لەوە دەکرێت کە پەیوەندیی نێوان کاک مەسعودو نێچیرڤان سەرۆکی حکومەت، زۆر باش نییە، هۆکارەکەشی تەکەتولەو هەریەکەو کوتلەیەکی هەیە، ئایا هەست بەم شتە دەکرێت لەناو پارتیدا؟**

کاکەمین نەجار: من بۆ خۆم وەکو کاکەمین رەنگە لە سەرکردایەتیش نزیکبم و زۆریش لەگەڵیاندام، هەستم بەوە نەکردووە.

**لڤین: ئەی باڵی کاک نێچیرڤان؟**

کاکەمین نەجار: هەرگیز هەستم پێنەکردووە، چونکە بنەماڵەی بارزانی جگە لە حیزبایەتی، رێزێکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، ئەوەی لێیان نزیك بێت، ئەو دەزانێت رێز چۆنە لەنێوانیاندا، بەڵام رەنگە خەڵك نەزانێت.

**لڤین: بەڵام دەوترێت سەرۆکی حکومەت تەنیا بەناو کراوەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی بەشداریناکات؟**

کاکەمین نەجار: هەندێکجار سەرۆکی حکومەت سەرقاڵە، وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی موتەفەریغ ناتوانێت هەموو دەم لە مەکتەبی سیاسیی بێت، سەرۆکی حکومەت جاری وا هەیە دەچێتە دەرەوە، هەندێکجار کۆبوونەوەی حکومەتی هەیە، لەو حاڵەتانە ئامادەنابێت، بەڵام زۆرجار لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی لەگەڵ بەرپرسی لقەکانیش بەشداردەبێت، بەڵام جاری وا هەیە ئەو لە عێراق نییە، یان بە کارێکی دیکەوە خەریکە، لە یەکێتیی نیشتیمانیش جاری وا هەیە مام جەلال یان د. بەرهەم لە بەغدان، ناتوانن بەشداریی کۆبوونەوە بن.

**لڤین: بەڵام دەوترێت گرنگیدانی ئەو بە حیزب کەمترە؟**

کاکەمین نەجار: کاك نێچیر ئیشوکاری حکومەت زیاتر دەکات، چونکە سەرۆکی حکومەتە، ئێستا من بەرپرسی لقم، من دەمەوێت زیاتر ئیش لە لقەکەی خۆم بکەم نەك ئیش لە شوێنێکی تر بکەم، مافێکی ئاسایی خۆمە، ئەویش وایە، سەرۆکی حکومەت دەبێت زیاتر ئیشوکاری حکومەت بکات.

**لڤین: ئێستا کاک مەسعود دوو پۆستی سەرەکی هەیە لە کوردستاندا، سەرۆکی پارتییەو سەرۆکی هەرێمیشە، ئەوە ساردیی یا کەمتەرخەمیی لە کارەکانی پۆستێکدا دروستناکات؟**

کاکەمین نەجار: لە زۆر جێگا وایە، لە عێراقیش زۆرجار کەسێك دوو پۆستی هەیە، بۆ نموونە؛ ئێستا کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتیشە، مام جەلال سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانییەو سەرۆکی کۆماری عێراقیشە، رەنگە سەرۆکی کۆمار کاتیی بێتو دواتر نەمێنێت، بەڵام سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانییەکەی رەنگە هەمیشە بێت. کاك مەسعودیش بەهەمانشێوە، بەڵام کاك مەسعود توانیویەتی کارەکانی خۆی بکات، قەناعەت ناکەم ساردوسڕیی یان کەمتەرخەمی کەوتبێتە ناو کارەکانی، بە شتێکی ئاساییشی دەزانم ئەو دوو پۆستە لە زۆر شوێن هەیە.

**لڤین: پارتی بە دەوڵەمەندترین حیزب دادەنرێت لە کوردستان، دارایی پارتی لەدەست کێیە، دەوترێت کاک مەسعود خۆی سەرپەرشتیی دارایی حیزب دەکاتو کەسی دیکە بۆی نییە سەرپەرشتیی بکات؟**

کاکەمین نەجار: نازانم بۆ بە دەوڵەمەندترین حیزبی کوردستان دادەنرێت، وانییە، پارتی بەشی خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت، بەڵام پارتی حیزبێکی کۆنە، دەبێت بزانی حیزبە کۆنەکان کێشەیان زیاترە لە خەڵکی تر، پارتی ٦١ ساڵە خەباتدەکات، هەزاران پەککەوتەو شەهیدو پێشمەرگەی کۆنو کێشەی ئەوانەی بۆ ماوەتەوە، ناچاریشە چاوی لێیان بێتو بەخێویان بکات، پارتی لەگەڵ ئەوەی پارەشی زۆرە، بەڵام خەرجیشی گەلێك زۆرە، خەرجی لە خەڵکی دیکە گەلێك زیاترە، داهاتیش لە هەموو دنیا وایە لە دەستی بەرپرسی یەکەم دەبێت، بەڵام ئەوی تر کارە، بەشێکی داهاتی ئێمە دێتە مەکتەبی سیاسیی، مەکتەبی سیاسیی سکرتێری خۆی هەیە، پارەکە دەداتە لقو ناوچەکان، من کە بەرپرسی لقم، دەچم بەشی خۆم دەهێنم، هیی بارەگای لقو ناوچەکانو رێکخراوەکان دەهێنمو دابەشیدەکەم، لقەکانی دیکەو مەکتەبە ناوەندییەکانی تر دێن بەشی خۆیان دەبەن، ئەوجا شتی تر هەیە، دەزگای کۆمەڵایەتیی مەکتەبی سەرۆك هەیە.

**لڤین: شتێک هەیە نارۆشنە لەناو پارتیدا، ئەویش پەراوێزخستنی کاک جەوهەر نامیق-ە، باس لەوە دەکرێت کە موناقەسە بووە وای لەو کردووە کە پەراوێزبخرێت؟**

کاکەمین نەجار: کاك جەوهەر نامیق برادەری منیشەو کادیرێکی باشو بەتواناشە، تا ئێستا نازانم کاك جەوهەر بۆ زویرە، جارێك بە کاك مەسعودمان وت، وتمان کاك مەسعود کاك جەوهەر کادیرێکی باشەو پێمانخۆشە بێتەوە ناو ئیش، وتی دە برۆن بیهێننەوە با بێت ئیشبکات، کێ کێشەی لەگەڵی هەیە، ئەگەر من کێشەم لەگەڵی هەیە ئەوا فەرموو با بێتەوە ناو ئیش، چووینە دواشی، بەڵام نازانم بۆ نەهاتەوە، کاك مەسعود زۆر رێزیشی دەگرێت، چونکە کاك جەوهەر کادیرێکی ماندووە، پێشمەرگەی جیابووە، پاشان کە پەرلەمانی کوردستان دانرا، کاك جەوهەر یەکەم سەرۆکی پەرلەمان بووەو دواتر سکرتێری مەکتەبی سیاسیی بووە، مەوقیعە ئەساسەکانی ناو پارتی کاك جەوهەر ئیشی لێکردووە، ئێستاش بیرکردنەوەی کاك جەوهەر هەروەکو ئێمەیە، بەڵام نازانم نهێنیەکەی چییە کە ناتوانێت کاربکات، خۆ ئەگەر جارێك بیگەنێ ئەو پرسیارە لە خۆی بکەن، هەرچەندە برادەریشمە، بەڵام نازانم بۆ ناتوانێت کاربکات.